# شاری سووتاو





ساردین ـ سوید
Sardeen1997@hotmail.com

ئەی کۆترە باڵ
نەخشینەکەی
کەرکوکم
هاتوویتە لام
دەزانی، من تازە بووکم !!!
شاری قەتار و ئەڵڵاوەیسییەکەی
عەلی مەردان
شاری خورشید و خاوەری
حسێن عەلی دەشتی گەرمیان
لە ناکاوێکدا هاتیت و
خێرا وونبوویت لەبەر چاوم
ئەگەر چی من تازەبووکم
تۆ دەمبینی
خەفەتبار، هێزلێبڕاوم
کەرکوکە دیل کراوەکەم
تۆ خاوەنی زێڕی ڕەش و
گەردی خۆت نیت
بۆیە منیش بۆت دەسووتێم
شارە وێران کراوەکەم
-- - - -
خاکت سووتا، دەشتت سووتا
بەتانک و تۆپ و تەیارە
کوردەکانیان
لێدەرکردیت

هەموویان بوونە ئاوارە
لەناکاودا
لەشەودا یاخود لە ڕۆژدا
لەشەقامدا، لە کۆڵاندا
پەلاماری لێقەوماو و هەژاریاندا
دایک، گریا بۆ کوڕەکەی
خوشک ، گریا بۆ براکەی
کچۆڵە ، بۆ دەزگیرانی
بەکوڵ گریا بۆ عاشقەکەی
هەی ڕۆ، هەی ڕۆ
شاری سووتاو، کلۆڵم ڕۆ
- - - --
بابەگوڕ گوڕ هەستە سەرپێ
تابلێسەت بەرزتر بێ
ببە بورکان
ببەرە ڕق بۆ دووژمنان
تاڕزگار بیت بەیەکجاری
ئەوسا خەڵکی
گوڵاڵە سوورەی بەهاری
لەگەڵ چەپکە گوڵی نێرگز
دەخەنە سەر
گۆڕی پیرۆزی شەهیدی
ڕێگای سەربەستی و ڕزگاری